# چاوپێکەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر عومەر پەتی

## د. عومەر پەتی:
## - پەروەردە بریتییە لە ئامادە کردنی تاك بۆ ژیان
## - دەبێ ئەدەبیات لە خزمەتی پەروەردەی منداڵاندا بێ

چەند گرنگ و پڕ بایەخە، کەسانێ هەبن خەم لە نەوەکانی دواڕۆژی نیشتمان بخۆن، وە دڵسۆزبن بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی باش بکرێن و ئاشنا بن بە کەلتووری نەتەوەکەی خۆیان، پاشان وەك تاکێکی هۆشیار و پێگەیشت و تێگەیشتوو بە جوانترین شێوە بیانکەن بە خەڵات و دیاریی بۆ کۆمەڵگەکەیان و بۆ ژیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ئایندەدا بە پاکیی و دڵسۆزیی و وەفاداریی خزمەتی ئایین و گەل و نیشتمانەکەیان بکەن. دەربارەی پەروەردە و دەروونزانیی و ئەدەبیاتی منداڵان، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ نووسەر و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین بەڕێز. پرۆفیسۆر دکتۆر " عومەر پەتی " ساز بکەین.

سازدانی: ڕۆستەم خامۆش - هەولێر

*** لە کەیەوە پەروەردەی منداڵ دەست پێدەکات، یان لە کام ڕێگەو لە چ شوێنێکەوە هەنگاوی بۆ دەنرێ؟**

- دیارە جارێ یەکەم دەبێ بزانین پەروەردە چییە؟ زۆر کەس هەیە لە خەڵك بە هەڵە لە پەروەردە گەیشتووە، وا دەزانن پەروەردە تەنها بریتییە لە ئامادە کردنی جل و بەرگ و خواردن، ڕاستە ئەوە بەشێکە، بەڵام لەوە گرنگتر، پەروەردە ئەگەر بێی سەیری بکەین لەلایەن زانایان و فەیلەسووفی بواری پەروەردە، پتر لە سەدان پێناسەیان کردووە، لەناو هەموو ئەوانەدا، پێناسەیەکم هەڵهێنجاوە و هەمیشە دەیڵێمەوە، (پەروەردە بریتییە لە ئامادە کردنی تاك بۆ ژیان، ئامادە کردنی منداڵ بۆ ژیان)، کەواتە ئەوەندە گرنگ بێ، دەبێ پەروەردەی منداڵ لە کەیەوە دەست پێ بکات؟ بەبۆچوونی من لەو کاتەی کە تۆ کێ دەکەی بە هاوژینی خۆت، کێ دەبێ بە هاوسەرگیرییت، لە کاتێك کە دەست نیشانی ئەو کەسە دەکەی دەبێتە هاوسەرت، هاوژینت، کەواتە ئەم ژنە دەبێتە دایکی منداڵەکانت، کەواتە لێرەوە پەروەردە دەست پێ دەکات. لە کاتی دەست نیشان کردن، یانی تۆ ئامادەنی هەموو کەسێ بکەیتە دایکی کچ و کوڕەکەت، کەواتە ئەگەر کەسێکی تەواوت دەست نیشان کرد کە هەموو ئەو مەرجانەی تێدا بوو، تۆ بەیانی شانازی بەو هاوسەرەت دەکەی، کە دایکی منداڵەکانتە، کەواتە تۆ نیازی پەروەردەیەکی دروستت هەیە، کە دایکەکە بەو شێوەیە بوو لە ئاست پێداویستی تۆ بوو، بێگومان سبەینێ ئەم دایکە وشیار دەبێ، ڕۆشنبیری پەروەردەی منداڵی لەلا گرنگە، سبەینێ کە دووگیان بوو، بۆ نموونە دەزانێ بەبێ ڕاوێژکاری و بەبێ پرس و ڕای پزیشکی تایبەتی خۆی کە مانگانە

سەردانی دەکات، هیچ دەرمان و هیچ تیشکێك وەرناگرێ، ئەگەر ئەوان ڕێی پێنەدەن، کەواتە ئەوە هەر پەروەردەیە، دەتەوێ پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکەت بکەیت کە سبەینێ نەوەك بە ناتەواویی لە دایك بێ، کەواتە کۆرپەلەیەو لە سکی دایکییەتی، پەروەردەش لێرە دەست پێ دەکات، بەردەوام دەبێ ئەو پەروەردەیە، بەڵێ هێشتا لە دایك نەبووە، بەڵام تۆ ئەو کۆرپەلەیە جوان پەروەردە دەکەی، مێشکێکی دروست، تەنانەت ئەو دایکەی کە خواردن هەڵدەبژێرێت، چ جۆرە خواردنێك بۆ خۆی بخوات، بۆ دەڵێی دووگیان، ئێ خۆی گیانێکەو منداڵەکەش گیانێکە، کەواتە دەبێ خواردنی دووگیان بخوات، ئەوە (میوەو فستق و بادەم و گوێز و هەنگوین و میوەکانی تریش هەمووی زۆر گرنگن). کەواتە ئەوەش هەر پەروەردەیە، تا ئەو کاتەی کە لە دایك دەبێ، کە لە دایکیش بوو دەبێ دیسان خۆی بۆ ئامادە بکەیت، نەك لە دایك بوونێکی ئاسایی بێ، پێشتر لەگەڵ ئەو پزیشکەی کە سەرپەرشتی دەکا، دەبێ بزانی کە چ ڕۆژێ سەردانی بکەی لە نەخۆشخانە، ئایا بە نەشتەرگەریی بۆت دەکا، یان بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەمەشیان بەشێکە لە پەروەردە، کەواتە پەروەردەکە بەردەوامە دوای لەدایك بوونیش، ئایا تۆ ئامادەی شیری خۆتی بدەیتێ؟ ئەگەر بتەوێ پەروەردەیەکی دروستی بکەی، دەبێ شیری خۆتی بدەیتێ، چونکە هیچ شیرێك لە شیرەکانی جیهان ناگاتە شیری دایك، پاش ئەوەی کەوا لە دایك بوو شیرت پێدا، شیری خۆت، چ ناوێکی بۆ هەڵدەبژێری ئەوەش جۆرێکە لە پەروەردە، ناوێك، بەڵێ دەبێ واتای خۆی هەبێ، واتەبەخش لە ڕووی دەروونییەوە سبەینێ شانازی پێ بکا کە ئەو ناوەی هەیە، کەواتە ناونانیش جۆرێکە لە پەروەردە، ئینجا هەموو مانگێ جارێك بیباتە لای پزیشك، پشوو درێژی لەبارەی نەخۆشییەکانەوە، مانگ بەمانگ سەرپەرشتی بکات، ئەمەش پەروەردەیەکی دروستە، بەڕاستی ئەوە تا قۆناغی شیرەخۆرە دەبێ زۆر لەگەڵیدا وریا بێ، دەبێ هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ دەربڕێ. بەڕاستی لەمە زۆر گرنگە سێ ساڵی یەکەم تا پێنج ساڵ زۆربەی زانایانی دەروونزانیی جەختی لەسەر دەکەنەوە کە دەبێ گرنگی بە منداڵ بدرێ، لەو ماوەیە سێ تا پێنج ساڵ، کەواتە زۆر زۆر گرنگە کە هەر قسەیەکی لەگەڵ دەکەیت دەبێ زۆر بە وریاییەوە پەروەردەی بکەیت، نەوەك تەمەنی بووە یەك ساڵ ئایپاد و مۆبایلی بدەیتە دەست و لەبەر ئەوەی بڵێی بۆخۆی خەریك دەبێ و منیش سەیری فیلم دەکەم و سەیری دروستکردنی خواردن دەکەم و نازانم چی دەکەم، دەبێ بزانی کە گوێی لێبگری، قسەی لەگەڵ بکەی، ئەویش قسەکان دووبارە بکاتەوە، بۆ ئەوەی فێرە زمان بێت، چونکە ئێستا بەداخەوە نەك لەسەر ئاستی کوردستان، بگرە هەتا ئەوروپا و جیهانیش منداڵەکانیان زۆری تووشی ئۆتیزم دەبن، لەبەر ئەوەی قسەیان لەگەڵ ناکەن، خۆیان لەگەڵ ماندوو ناکەن، چونکە ئەو تەکنەلۆژیایە ماڵی وێران کردوون، کەواتە یەکەم شت گوتمان خێزان، کە دایك و باوکە گرنگە، دوایی خوشك و براکانی، ئینجا هاوڕێکانی گرنگە، دوای ئەوە کە لە خێزان دەچێتە باخچەی منداڵان، ڕۆڵی پەروەردەکە باخچەی منداڵان دەیبینێ بە هاوکاری ماڵەوە، دوو ساڵیش لە باخچەی منداڵان دەبێ، پەروەردەکە دەبێ بەڕاستی پەروەردەیەکی

دروست بێ و زۆری لەسەر یاری کردن و سروود و ئەم جۆرە شتانە بێ، وە پاشانیش دەچێتە نێوەندەکانی خوێندن کە ئەویش گرنگە قۆناغی بنەڕەتییە، پەروەردە لێرەش هەر بەردەوام دەبێ، نەك تەنها قۆناغی بنەڕەتی، بەڵکو ئامادەییش و بگرە زانکۆش ئەو پەروەردەیە لەگەڵیدا دەڕوا، بۆیە دەبێ ئێمە قۆناغ بە قۆناغ لەو شوێنانەی کە ئاماژەم پێکرد، هەر یەکە بەپێی پێویستی خۆی چەند بەرپرسیار بن، چەند ورد بن، چەند بەبەرنامە و بە پلان بتوانن پەروەردەیەکی دروست لەگەڵ ئەو منداڵە بکەن، چونکە منداڵ لای ئێمە تا تەمەنی 18 هەژدە ساڵی لە ڕووی یاساییەوە منداڵە، لە ڕووی دەروونزانییشەوە تا تەمەنی 12 دوازدە ساڵی پێی دەڵێن منداڵ، کەواتە بەلای کەمی تا قۆناغی بنەڕەتی تەواو دەکات، کە بەرامبەر قۆناغی سەرەتایی پێشتر بوو، دەبێ پەروەردەکە زۆر دروست و ڕێك و پێك بێ، هەر ئەوەیە ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر کەسایەتی ئەم تاکە لە دواڕۆژ.

*** پەیوەندی و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەدەبیات و پەروەردەی منداڵان چۆنەو چییە؟**

- بەڕاستی پەیوەندی هەیە، یانی دەبێ ئەدەبیات لە خزمەتی پەروەردەی منداڵاندا بێ، بەڵام چۆن؟ ئێمە دەزانین پەروەردە فراوانە کە لە پێناسەی یەکەم و لە وەڵامی پرسیاری یەکەم ئاماژەم پێکرد، پەروەردە ئامادە کردنی تاکە بۆ ژیان، کەواتە ئەدەبیاتیش دەبێ بەشداری ئەم پەروەردەیە بکات بۆ ئەوەی جوان ئامادە بێ بۆ ژیان، بۆ نمونە هۆنراوەیەك، بۆ نمونە شانۆیەك، درامایەکی منداڵان، نووسینی چیرۆکێك، جگە لە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بە منداڵان بەڕاستی دەبێ بەشدارییەکی ڕاستەقینە و کاریگەرانە بکات لە پەروەردەی منداڵ، بۆ نمونە یەکێ کە هۆنراوەیەك دادەنێ بەهاکانی پڕ لە بەهابێ، بەهای خۆشەویستی، یارمەتیدان، ڕاستگۆیی، پێکەوەژیان، یانی هەر شتێك لەو شتانەی کە لە ئەدەبی منداڵان دەنووسرێ، گوتم هۆنراوەیە، چیرۆکە، شانۆی منداڵانە، دەمەتەقێیە، هەر شتێك، فیلمی منداڵانە، کارتۆنە، هەر شتێ کە دەچێتە خانەی منداڵان، پێش ئەوە دەبێ بیر بکرێتەوە چۆنی بنووسن، چ جۆرە بەهایەکی تێدا بێ، زانستی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ئایینی، نیشتمانپەروەری، فەلسەفی، هەموو ئەمانە بگرێتەوە، چەند دەوڵەمەند بێ بەمانە بێگومان کاریگەریەکەی زیاتر دەبێ لەسەر پەروەدەی منداڵ، بەڵام چۆنیش دەگاتە ئەو پەروەردەی منداڵان، لێرە دەبێ دایك و باوکەکە دەبێ ڕۆڵێکی وا ببینن، بزانن ئەو بەرهەمانەی منداڵان چۆن هەڵدەبژێرن بۆ منداڵەکانیان، ئەو نامیلکانەی تایبەتن بە منداڵان، چیرۆکن، هۆنراوەن، بۆیان بکڕن و بۆیان بخوێننەوە، ئەوەی تایبەتیشە بەخۆیان، خۆیان بیخوێننەوە، کە لەسەر منداڵ نووسراوە بە شێوەی زانستی، لەسەر پەروەردەو دەروونزانیی منداڵ زۆر زۆر گرنگە، من دەڵێم پێویستە هەموو کەسێك پێش ئەوەی زوو بکا هاوسەرگیری، دەبێ بچێ لە بارەی پەروەردەی منداڵ بخوێنێتەوە، لە بارەی دەروونزانیی منداڵ بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانێ پەروەردەیەکی دروست لەگەڵ منداڵەکەیدا بکات.

هەر ئەم پەروەردە دروستەی منداڵە، کە ئەدەبیاتی منداڵانی جوانی دروست هەڵدەبژێرێ، زۆر جار هەیە بەهۆی ئەو ئەدەبیاتە جوانانەوە کە کاریگەرییان هەیە ئەو منداڵە نووسەرێکی لێ دەردەچێ، دەبێتە چیرۆکنووس، دەبێتە هۆزانڤان، متمانەو بڕوای زۆر بەخۆی دەبێ، کەواتە دەتوانم بڵێم شان بەشانی پەروەردەی منداڵ، ئەدەبیاتی منداڵانی دروستیش، ڕۆڵی خۆی دەبینێ، بەڵام بەڕاستی دەبێ بزانین کێن ئەوانەی بۆ ئەدەبیاتی منداڵ دەنووسن، هەموو کەسێك ناتوانێ، ئەگەر مامۆستای سەرەتایی و مامۆستای باخچەی منداڵان و بابەتەکانی پەروەردە و دەروونزانیی نەخوێندبێ، بێگومان ئەو سەرکەوتنە بەدەست ناهێنێ.

*** بە دید و تێڕوانینی بەڕێزت، لایەنیی پەروەردە توانیویەتی وەک پێویست سوود لە ئەدەبیات وەربگرێ بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵان؟**

- ئەگەر وەڵامێکی دروستت دەوێ بۆ ئەم پرسیارە، لایەنی پەروەردە، بەتەواوی وەك پێویست سوودی لە ئەدەبیات وەرنەگرتووە بۆ پەروەردە و فێرکردن، چونکە کە دەڵێین پەروەردەو فێرکردن، پەروەردەکە، ئەوا دەتوانم زیاتر بۆ خێزان، بۆ باخچەی منداڵان، وە تەنانەت هەتا دەگاتە قۆناغی بنەڕەتی، بۆ فێرکردنیش ئەوە مەبەست پرۆگرامەکانە، زۆرجار لێرەو لەوێ بە هەڵە هەڵبەستێکی هۆزانڤانێك دادەنێن کەواتە مەبەستیان فێرکردنە، بەس هەڵەیە، بەڵام من تێبینیم هەیە، باوەڕ بکە کتێبی ئەلف و بێی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار جوانتر پێکابووی، هۆنراوەکان جوانتر بوون تایبەت بە منداڵان، لەو پەرتووکە نوێیە کە کۆمەڵێك بەڕێز، پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر دایان ناوە، ئەو هەڵبەستانەی کە هەڵیان بژاردوون تێبینی زۆرم لەسەریان هەیە، وەختی خۆی لە کۆنفرانس و سیمینار، تەنانەت توێژینەوەشم لەسەر کردووە، بۆیە دەڵێم وەکو پێویست سوودیان لێ وەرنەگیراوە، وە هەروەها هەموو ئەدەبیاتێکی منداڵانیش گونجاو نیە بۆ پەروەردەو فێرکردنی منداڵ، تەنانەت دەبێ ئەو ئەدەبیاتە، دەبێ ئەوەندە بە وردی و بە جوانی نووسرا بێت بۆ فێرکردن و پەروەردەکە دەست بدات، نووسین بۆ منداڵان زۆر زۆر گرانترە لە هی گەورەساڵان، وا تێنەگەی بڵێی ئەوە ئەدەبی منداڵانەو ئیتر تەواو، نەخێر، دەبێ زۆر زیرەکانە تر، وریایانەتر، بیری لێبکەیتەوە، چونکە منداڵ زۆر ناسکە، لە گوڵ ناسکترە، بۆیە دەبێ بزانی چۆن ئەو ئەدەبیاتە کە زۆر شت دەگرێتەوە، هەر وەکو ئاماژەم پێکرد، هۆنراوەیە، چیرۆکە، شانۆنامەی منداڵانە، ئۆپەرێتە، چونکە زۆر کەس ئۆپەرێت دەنووسێ، ئۆپەرێتەکانی جوانن، هەر یەکەو ڕۆڵی خۆی دەبینێ، تەنانەت دەبێ ئەم ئۆپەرێتانە ئەگەر پەروەردەیی بن، ئەگەر ئامانجی بۆ فێرکردنی منداڵان بێ، پێویستە بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن بە تایبەتی بۆ قۆناغی منداڵان.

*** لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە، چۆن دەڕوانیتە شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە ڕوانەگەی دەروونزانییەوە بەڕاستی تێڕوانینی من زۆر گرنگە بۆ هۆنراوە و چیرۆك بۆ منداڵان، بۆ دەڵێین هۆنراوە و چیرۆك بۆ منداڵان؟ دەبێ بە زمانی سادەی منداڵ بێ، خۆ ئەگەر بێتوو ئەو هۆنراوەو چیرۆکانە منداڵ خۆی بینووسێ بۆ منداڵ، زۆر سەرکەوتووترە، ئەگەر نەمان بوو

ئینجا ئەو کەسانە ئەو هۆنراوەو چیرۆکانە دەنووسن، کە شارەزاییان هەیە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ، کە ئەویش سێ قۆناغی سەرەکییە: قۆناغی منداڵیەتی بەرایی تا سێ ساڵی، قۆناغی منداڵیەتی ناوەڕاست چوار و پێنجە، کە باخچەی منداڵان دەگرێتەوە، قۆناغی منداڵیەتی کۆتایی کە لە شەش تا دوازدە دەگرێتەوە، کەواتە لە ڕوانگەی دەروونزانییەوە چیرۆك و هۆنراوە زۆر گرنگن، منداڵ بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێ، وەکو ئەوە نیە، وەکو دەقێك، وەکو شتێك کەوا بێزاری بکات، ئەگەر بێتوو هۆنراوە و چیرۆك پڕ بەهابن، مەبەستداربن، بێگومان ڕۆڵی خۆی باش دەگێرێ، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە ئەو هۆنراوەو چیرۆکانە مەرجەکانی دەروونزانیی تێدا نەبێ ئەو کاتە کارەسات ڕوودەدا، ڕەنگە بەپێچەوانەوە لەجیاتی سوودی هەبێ، زیانی دەبێ، بۆیە من دەڵێم نووسینی هۆنراوەو چیرۆك بۆ منداڵان گرنگە و پێویستە، لە تەك بابەتەکانی تر کە ئۆپەرێتە کە شانۆنامەیە، وە هەر وەها چیرۆکی زانستیشە، ئەو چیرۆکانەی ئەندێشەی زاستییان تێدایە، چونکە منداڵی ئێستا جیاوازە لەگەڵ منداڵی کە سی ساڵ پێش ئێستا پەروەردە کرا بێ، دەبێ لە تەکنۆلۆژیای سەردەمیش دانەبڕێ، بەڵام بە پلان و بەرنامە بێ.

*** شاعیران و نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان، کاتێ کە بۆ منداڵ دەنووسن، پێویستە ڕەچاوی چی بکەن تا سەرکەوتووبن؟**

- بەڕاستی نووسەر و هۆزانڤانانی بواری ئەدەبی منداڵان، پێش ئەوەی بۆ منداڵان بنووسن، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن. یەکەم: دەبێ لە بارەی پەروەردەی قۆناغی منداڵان بزانن، کەواتە شارەزا بن لە ڕووی پەروەردە و دەروونزانییەوە، کە گوتمان منداڵ هەتا تەمەنی **دوازدە** ساڵی منداڵە و دابەشمان کرد بەسێ قۆناغ، ئەوەی کە دێ بۆ منداڵ دەنووسێ، دەبێ بزانێ بۆ کامە منداڵ دەنووسێ، بۆ ئەو منداڵەی کە تەمەنی **سێ** ساڵە، یان بۆ ئەو منداڵەی کە تەمەنی **پێنج** ساڵە و لە باخچەی منداڵانە، یان بۆ ئەو منداڵەی دەنووسێ کە لە قۆناغی سەرەتایی، کە پێشتر تا پۆلی شەش بوو وایان پێ دەگوت، کەواتە دەبێ قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵان بە چاکی بزانێ. دووەم: پێویستە بزانێ پێداویستیەکانی هەر قۆناغێك لەم سێ قۆناغەی منداڵان چییە. سێیەم: پێویستە بزانێ منداڵان حەزیان لە چییە، ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە منداڵانەوە هەیە، لەم سێ قۆناغەدا چییە، بە تەواوی هەرسی بکا، تێی بگا، ئینجا دەست بە بابەتی منداڵان بکا، چیرۆکە، هۆنراوەیە تا بزانێ بە چ زمانێك، بەچ پەیڤێك، بە چ وشەیەك، بەچ دەربڕینێك بۆ منداڵان دەنووسێ، تەنانەت، نەك تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە هۆزانڤان و نووسەرن، بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە تابلۆی هونەری بۆ منداڵان دروست دەکەن، ئەمانیش دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە بکەن، زۆر گرنگە چۆن نیگارەکان دەکێشن، چونکە هەندێ جار هەیە ئەو نیگارانەی کەوا هونەرمەندان دەیکێشن دەبێتە دەرمان و چارەسەر بۆ نەخۆشی، یان بۆ هەندێ گیرو گرفتی منداڵان، وە هەروەها دەبێ منداڵانیش هان بدرێن کە خۆیان نیگار و وێنە بکێشن، بۆ ئەوەی، ئەوەی لەناو دڵیانە دەری ببڕن، لە ڕێگەی نیگار و وێنەکانیانەوە، کەواتە چەند خۆ ڕۆشنبیر

کەن، چەند وشیارییان هەبێ، چەند شارەزاییان لە بواری قۆناغەکانی منداڵان هەبێ، پێش نووسین زۆر گرنگە ئەمانە بزانن ئینجا دەست بە نووسینی بەرهەمەکانیان بکەن.

*** وەکو دەزانین شیعر و چیرۆکی زۆر هەن لەنێو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکاندا، تا چەند بە پێویستی دەزانی، پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، یان گۆڕانکاریی و دەستکاریی بکرێن بە ڕەچاو کردنی هەردوو لایەنی ( پەروەردە و دەروونزانیی )، بۆ ئەوەی ئەگەر کەم و کوڕییەک، یان هەڵەیەک هەبێ چاک بکرێن و زیاتر گونجاو بن لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی سەردەم؟**

- بێگومان دەڵێم ئەو هۆنراوەو چیرۆکانەی لەناو پەرتووکەکانی پرۆگرامی خوێندن لە خوێندنگاکاندا هەن، بەڵێ پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، بەڵام کە دەڵێین پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە، دەبێ بەڕاستی لیژنەیەکی پسپۆڕ لە ڕووی پەروەردەو دەروونزانیی، لەڕووی زمانەوانیی، ئەگەر نا هەر دەستکاریی نەکەن باشترە، ئەو لیژنەیە دەبێ پسپۆڕ و شارەزابن لە بواری منداڵان، لە بواری پەروەردەو دەروونزانیی، تا ئەو هەڵانەی کە هەن بەڵکو چاك بکرێنەوە، وە هەروەها زیاتر گونجاو بن بۆ پەروەردەو سیستەمی ئێستا، ڕەنگە هەندێ هۆنراوەو چیرۆك و بەرهەمی منداڵان هەبن، بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا دەست نادەن، هەر وەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو ئاماژەم پێکرد، وەکو ئەو وتەیەی ئیمامی عەلی کە دەفەرموێ: (منداڵەکانتان لە سەر ئەوە پەروەردە مەکەن کە ئێوەی لەسەر پەروەردە کراوە)، چونکە بەڕاستی دەبێ لەگەڵ گۆڕانکاریی پەروەردەی سەردەم بڕوا، بۆیە دەبێ ئەم بەرهەم و ئەم نووسینانەی کە بۆ منداڵان کراون، لە پرۆگرامەکان هەر لە قۆناغی باخچەی منداڵان، تا کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی، پێویستە ئاوڕێکی وریا و ورد و جوانی لێ بدرێتەوە، بۆیە لەسەرەد و بێژینگ بدرێت و تەتەڵەکە بکرێت، هەڵەکان دوور بخرێنەوە، وە زیاتر گونجاو بن لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی سەردەم.

*** بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو، دەبێ لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێبکرێ، بە ڕای بەڕێزت چی بکرێ باشە، یاخود چی بە پێویست دەزانی کە باسی بکەیت و دوا وتەت چییە و لە کۆتایی ئەم دیمانەیەدا دەتەوێ بڵێی چی؟**

- بەڵێ کۆمەڵگەی ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو دەبێ لە پەروەردەی منداڵەوە دەست پێ بکات، کەواتە ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بایەخ بە پەروەردەی منداڵ بدەین لە خێزانەوە، ئینجا لە باخچەی منداڵان و ئینجا نێوەندەکانی خوێندن، چونکە پەروەردەی دروست نەوەی دروست ئامادە دەکات بۆ ئایندە، بتەوێ نەتەوەیەك، وڵاتێك، دەوڵەتێك پەروەردەی دروست بێ، دواڕۆژێکی ڕوون و ئاسۆیەکی گەشی دەبێت، بۆیە دەبێ ئێمە هەمووومان بەخۆمان دابچینەوە، هەموو تاکێکی خێزان، میدیا دەبێ ڕۆڵی خۆی ببینێ، نێوەندەکانی خوێندن، مامۆستایان بە هەموو جۆرەکانییەوە، مامۆستایانی ئایینی، بەڕاستی ئەمانە هەموویان دەبێ گرنگی و بایەخێکی زۆر بە پەروەردە بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین لە ئێستادا پەروەردەیەکی دروست بۆ ئەو منداڵانە بکەین، تا لە ئایندەیەکی نزیك ئەو منداڵانەی ئێستا بە

جوانی پەروەردە بکەین، کە دەبنە نەوەیەکی دروستی دوارۆژ، بۆیە هیوادارم هەموو تاکێکی کورد کە هەموومان دەگرێتەوە، هەر لە خێزانەوە بگرە هەتا لایەنی پەیوەندیدار پێویستە. هێشتانیش درەنگە نیە ئەگەر بەخۆیان دابچنەوە، خەمێك لە پەروەردەو فێرکردن بخۆن، دەتوانین بڵێین کەمێك لە کێشەو ئازارەکان کەم بکرێتەوە.

**پرۆفایل:**

- نووسەر و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین پ. د. عومەر ئیبراهیم پەتی.
- لە دایك بووی 1957/7/1لە گوندی دینگاوای دەشتی قەراج لە شارۆچکەی مەخموور.
- لەساڵی 1970 خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە.
- لە ساڵانی 1973- 1974 خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە.
- لە ساڵانی 1974- 1975 لە خانەی مامۆستایانی دهۆك وەرگیراوە.
- لە ساڵی 1977 خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووەو بە پلەی سێیەم بووە بە مامۆستا.
- لە 1977/11/19 ناوی وەك مامۆستا دەرچووەو دەست بەکاربووە.
- لە ساڵانی 1988- 1989 کۆلێژی پەروەردەی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەواو کردووەو لە یەکەمەکان بووە.
- لە 1991/10/12 لە ماستەر وەرگیرا لە بەشی پەروەردەو دەروونزانی لە زانکۆی بەغداد لە کۆلیژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد.
- لە 1993/10/14 گفتوگۆی نامەی ماستەرەکەی بە پلەی زۆرباشە کرا.
- لە 1998/2/19 گفتوگۆی نامەی دکتۆراکەی بە پلەی نایاب کرا، دوای هەفتەیەك بڕوانامەکەی وەرگرت و ماڵی گواستەوە بۆ شاری هەولێر.
- لە 1998 4/5 بووە بە مامۆستا لە بەشی پەروەردەو دەروونزانی لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین.
- لە 2009/5/2 پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ پرۆفیسۆر.
- لە ساڵی2010وە مامۆستایە لە کۆلیژی ئاداب- بەشی دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەدین.
- چەندین خەڵات و سوپاسنامەی پێبەخشراوە.
- چەندین بەرنامەی لە تەلەفزیۆن پێشکەش کردووە.
- لە زۆربەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و گۆڤار و ڕۆژنامەکان میوانداری کراوە.
- لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بابەتی بڵاوکردووەتەوە.
- تا ئێستا 22 بەرهەمی چاپکراوەو 18 ی دیکەشی ئامادەی چاپن.
- لە ساڵی 1993 ژنی هێناوە و دوو کوڕ و کچێکی هەیە.

*** ئەم دیمانەیە لە ژمارە(٢)ی گۆڤاری (ئاینده) بڵاو کراوەتەوە، کە سەنتەری ئاینده بۆ لێکۆڵینەوە دەریدەکات.**